# ئەو کچەی باوکی هێز و متمانەی بداتێ هیچ پیاوێ ناتوانێ بیشکێنێ

**مەرجی بەدیهێنانی کەسێتییەکی تەندروست و گەشەسەندوو بۆ منداڵ دەگەڕێتەوە بۆ رۆڵی دایک و باوک، وەک هۆکارێکی پەروەردەیی لە چوارچێوەی خێزاندا**

**ئەرکی هەمووانە هەر لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و حکومەت و دەزگاکانی راگەیاندن پێکەوە تاکێکی بەسوود و کچێکی کارامە و بەتوانا بۆ داهاتووی کوردستان پەروەردە بکەین**

١٠\١١ رۆژی جیهانی کچانە و رۆژێکی پڕشنگدارە و شیاوی گرینگی پێدانە، سوپاس بۆ ئەو خەمخۆرانەی فیداکارانە تێدەکۆشن و خەباتێکی بێوچان دەکەن لەپێناو دەستەبەرکردنی مافە مرۆییەکانی کچان کە ئێستا خەباتکارانمان یادی دەکەنەوە و درێژە بەو پەیامە دەدەن.
ئەم رۆژە رۆژی بەرەنگاریی زوڵم و ستەم و بێدادیی دەسەڵات و کۆمەڵگە لە دژی چینێکە لە مرۆڤ، کە کچانن و لە داهاتوودا دەبنە دایك و داهێنەر، راگری باڵانسی کۆمەڵگە و ئافرێنەری دادپەروەری و میهرەبانی.
وشیارکردنەوەی بەشێك لە کۆمەڵگە هەوڵدانە بۆ رووبەڕووبوونەوە دژ بە چەوسانەوە و ئاشنابوون بە ماف و ویستەکانی ئەو چینە و دەرخستن و دیاریکردنی نەهامەتی و بێدادییەکانە بۆ رووی گشتیی دەسەڵاتەکان و کۆمەڵگە بە گشتی.
دوای گەشەسەندن و باڵکێشانی ئایدیۆلۆژیای «سۆشیالیزم» بە سەر زۆرێك لە وڵاتانی جیهاندا کە چوارچێوە گشتییەکەی یەکسانی و هەرەوەزی و وەك یەکبوونی و هاوسانی و فیمینیزم، توانی لە رووی جۆرییەوە بەشێکی خۆی تەرخان بکات بۆ خەباتکردن لەژێر چەتری ئەم ئایدیۆلۆژیایە بەناوی «فیمینیزمی سۆشیالیستی»، کورتەی ئەم روانگەیەی «فیمینیزم»یش، بریتییە لە نەهێشتنی سیستمی «سەرمایەداری» و «پیاوسالاری». شەڕی یەکسانیی نێوان کچ وکوڕ و بەرەنگاریی کەلتوورە لەگەڵ سرووشتی سەرەتایی ئینسان، بەوەش دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ کچان دەتوانێت پێوەر بێت بۆ دیاریکردنی ئاستی پێشکەوتن و دەوڵەمەندیی کەلتووری ئافرەت، کە بەهۆی ئەو رۆڵەی کە هەیەتی لە پەروەردەکردن و فێرکردنی منداڵان بە سەرچاوەیەکی سەرەکی لە بنیاتنانی کەسایەتیی تاکەکانی ناو کۆمەڵ دەبینرێ، هەر ئافرەتیشە رۆڵێکی گەورە دەبینێ لە گەیاندنی پێویستییە کۆمەڵایەتییەکان، کارکردن بۆ هێنانەدیی یەکسانی کچ و کوڕ بە شێوەیەك هەموو مروڤەکانی کۆمەڵگە لە بەردەم یاسادا یەکسان بن، ئەم یەکسانییەش تەنیا بەدەستەبەرکردنی یاسا نایەتەدی، ئەگەر هۆشیاریی کۆمەڵایەتی لەپشت نەبێت، هەروەها پێویستە هەموومان لەسەر ئەوە رابێین، چۆن بەرگری لەخواستەکانی خۆمان بکەین.. ئێمە دەبێت ددان بەوەدا بنێین کە خاوەن کەلتوورێکی کۆنەپەرەست و پەرپووت و وێرانین کە لە هەزار ساڵ پێش ئێستاوە چەقیوە، لە وڵاتی ئێمە رێك بە پێچەوانەی وڵاتە پێشکەوتووەکانەوە لە یاسا بنەڕەتییەکانماندا جەخت لەوە دەکرێت کە هیچ بڕگەیەك نابێت لەگەڵ دەورانی کۆیلایەتی ناکۆك بێت.
هەمو کۆمەڵگەیەك بۆ ئەوەی جۆرێك لە سەقامگیریی گشتی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و ئارامیی سیاسی و ئابووری بە خۆیەوە ببینێت، پێویستی بە چەندین بنەمای سەرەکی هەیە. یەکێك لە گرنگترینی ئەو بنەمایانەش بریتییە لە بوونی دادپەروەری وەك بنەمایەکی جێگیر، سەقامگیریی وڵاتیش بێ بوونی دادپەروەری گرفتی گەورە و پشێویی جۆراوجۆری بۆ دروست دەبێت. بۆ بەردەوامیی ژیانی مرۆڤ لەگەڵ یەکتر، دادپەروەریی بنەمایەکی کۆمەڵایەتی سەرەکییە، لە راستیدا دادپەروەری چەمکێکی گەورەو بەرفراوانە کە هەموو گەلانی جیهان بانگەشەی بۆ دەکەن و، هیوادارن بەدەستی بێنن، چونکە دادپەروەری زۆر گرنگە بۆ هێنانەئارای جۆرێك لە یەکسانی لە نێوان سەرجەم تاك و گرووپە جیاوازەکانی یەك کۆمەڵگە، لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەیەکی گشتی چەمکی دادپەروەری، بریتییە لە دیدێکی مرۆییانە لە مەسەلەی مافەکاندا کە جەخت لە بەدەستهێنانی



تەرزە حسێن

کارگێڕی لیژنەی ناوچەی ناوەندە ئەکادیمییەکان

هاوسەنگیی نێوان سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە دەکات، وەلێ بۆ ئەوەی دادپەروەری بتوانێت یەکسانیی نێوان چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بەدی بێنێت، بۆ ئەوەی بتوانێت دیدە مرۆییەکەی جێبەجێ بکات، پێویستی بە کۆمەڵێ سیستم و یاسای هەیە کە ڕێکیان بخات. یاساکان زیاد لە کەس و لایەنێك، سەربەخۆیانە و بێلایەنانە کار بۆ دانانی دەکەن، لەخێزاندا پێویستە باوك و دایك لە بەرامبەر منداڵەکانیان دادپەروەر بن، جیاوازی نەکەن لە نێوان کوڕ و کچ، گەورە و بچووك بە شێوەیەکی دادپەروەرانە خۆشەویستی و میهرەبانی خۆیان بە سەر منداڵەکانیاندا دابەش بکەن. هیچ منداڵێك لە ناز و نیعمەتی باوکایەتی و دایکایەتی بێبەش نەکەن، بەرپرسایەتی ژیانی خۆیان لە ئەستۆی خۆیان بگرن، دابینکردنی ئەم یەکسانییە ئەوەمان بۆ مسۆگەر دەکات کە کەس لەجیاتی کەس بڕیار نەدات، کەس بە ناوی ئەوی ترەوە بڕیار نەدات، ئەمانە بەرەو ئەوەمان دەبات، چۆن بە شێوەیەکی دروست پەنا بۆ هێزی بیرکردنەوەی خۆمان بەرین.

مەرجی بەدیهێنانی کەسێتییەکی تەندروست و گەشەسەندوو بۆ منداڵ دەگەڕێتەوە بۆ رۆڵی دایك و باوك، وەك هۆکارێکی پەروەردەیی لە چوارچێوەی خێزاندا، پەیوەندیی نێوان منداڵ و دایك و باوك بەهێزترین جۆری پەیوەندییە، بۆیە کاتێك ژینگەی خێزان تەندروست و پڕ لە سۆز و خۆشەویستی بێت، لایەنی ژیریی منداڵ گەشەی پێویستی خۆی دەست پێ دەکات و هەستی دڵنیایی و ئارامی لە ئەودا دروست دەبێت.

پێویستە کچان فێری ئەوە بکرێن کە متمانەیان بە خۆیان و بە تواناکانی خۆیان هەبێت، متمانە بەخۆبوون بریتییە لە حالەتێکی هەستیاری دەروونی کە لە گوفتار و هەڵسوکەوتی رۆژانەی هەموو تاکێکدا رەنگ دەداتەوە. سەرەڕای ئەوەی لە سەرەوە ئاماژەم پێ داوە، بۆ پەروەردەکردنی کچێکی تەندروست وبەهێز کە بتوانێت خۆی بەرەنگاریی کۆسپ وئاستەنگەکانی ژیان ببێتەوە، خێزان لە کۆمەڵگە رۆڵی سەرەکی دەبینێت، دواتر دابونەریت و هۆشیاریی تاك و بڕوا و متمانەبەخۆبوون، ئەوانیش لە ژێر چەتری یاسا و دادپەروەری کۆمەڵایەتی دێنە بەرهەم، تاکو مافە سەرەتاییەکانی خۆی بەدەست بهێنێت، بۆیە ئەرکی هەمووانە هەر لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و حکومەت و دەزگاکانی راگەیاندن پێکەوە تاکێکی بەسوود و کچێکی کارامە و بەتوانا بۆ داهاتووی کوردستان پەروەردە بکەین.

**وەك شاعیری گەورە قانع دەڵێ:**

کوڕ بەبێ شك هەوری تاڵە هەر وەکو پەروینە کچ
کوڕ وەکو خاشاك و خارە سۆسەن و نەسرینە کچ

کوڕ کە زۆر چاك هەڵکەوێ فەرهادە یا مەجنوونی شێت
کچ لە پەردەی عیسمەتا لەیلایە یا شیرینە کچ

کچ کە کەوتە ڕاوەکوڕ ئاسانە کوڕگرتن لەلای
بازی تەڕلان و تەوار و واشەو و شاهێنە کچ

گەر حەوا نەبووایە، ئێستەش ئادەمێ بوو بێوەجاخ
بۆ زیادیی ئادەمیزاد مایەیی تەئمینە کچ

هەر کەسێ مەیل و خەیاڵی حیفزی ئیسلامێ بکا
بۆ بەخێوی باخی ئیمان هەر وەکوو پەرژینە کچ

کچ کە وەختێ کوڕ ئەبینێ [قانعی] پەیدا ئەکا
جا کە وا بوو کوڕ بە هیچ و قابلی تەحسینە کچ

بۆ پەروەردەکردنی کچێکی تەندروست وبەهێز کە بتوانێت خۆی بەرەنگاریی کۆسپ وئاستەنگەکانی ژیان ببێتەوە، خێزان لە کۆمەڵگە رۆڵی سەرەکی دەبینێت

پێویستە کچان فێری ئەوە بکرێن کە متمانەیان بە خۆیان و بە تواناکانی خۆیان هەبێت، متمانە بەخۆبوون بریتییە لە حالەتێکی هەستیاری دەروونی کە لە گوفتار و هەڵسوکەوتی رۆژانەی هەموو تاکێکدا رەنگ دەداتەوە





# کۆرۆنا

# باوان و قوتابیانی ناچار کردووە خۆیان لەگەڵ سیستمی نوێی خوێندن بگونجێنن

بەهزاد تاهیر هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە کارگێڕی داهێنان و داراییە سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «سیستەمی ئەلیکترۆنی کە ئێستا بەهۆی پەتای کۆڕۆنا بۆتە جێگرەوەی خوێندنی ناو قوتابخانەیە، شتێکی باشە و بە لایەنی کەمەوە وا دەکات، قوتابی لە سیستەمە باوەکانی جیهان و لایەنی تەکنەلۆژیا و خوێندنی ئۆنلاین شارەزا بێت. لە زۆربەی زانکۆ بەناوبانگ و پێشکەوتووەکانی جیهان جۆری خوێندنی ئۆنلاین هەیە، کە ئاسانکاری دەکات بۆ ئەوانەی ناتوانن لە هۆڵەکانی خوێندن ئامادە بن، بە هۆی سەرقاڵی و زۆریی کاری رۆژانە و دووریی رێگا و کۆمەڵێك فاکتەری دی.» هاوکات دەڵێت: «لە کوردستان وەك هەموومان دەزانین ئاستی قوتابخانەکان زۆر نزمە، هەم لە رووی کوالێتیی خوێندن و هەم لە رووی ئاستی مامۆستا و قەرەباڵغی و ژمارەی زۆری قوتابی لە ناو پۆل و هۆڵەکان، ئەوانەش وای کردووە کە ئاستی خوێندن زۆر نزم بێت و، قوتابی گرنگی پێ نادرێت و، تەنانەت نیوەی کتێبەکان تەواو ناکرێن، ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی قوتابی. ئەم بارودۆخە و مانەوەی قوتابی لەماڵەوە وای کردووە، ئەرکی دایك و باوك قورستر بێت و پێویستە ببن بە مامۆستای منداڵەکانیان. بە شێوەیەك کە دەتوانم بڵێم لە هیچ ساڵێکی خوێندنی منداڵەکانم کتێبەکان، یان مەنهەجی خوێندنیان تەواو نەکردووە، بەڵام ئەمساڵ بە هۆی ئەوەی کە بەشێکی کاتی خۆم بۆ ئەوان تەرخان کردبوو، توانییان تەواوی مەنهەجی داواکراو بخوێنن، بە ئەنجام و تێگەیشتنی زۆر باش. کەواتە ئەگەر هەموو دایك و باوکێك بڕێك لە کاتەکەی خۆیان بۆ فێربوون و یارمەتیدانی منداڵەکانیان تەرخان بکەن، بە دڵنیاییەوە ئەو بۆشاییەی نەبوونی قوتابخانە کێشەی گەورە و جددی نابن لە بەردەم ئاستی زانستی قوتابی، وەك دەزانین کە لەم سەردەمەدا کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت و تەکنەلۆژیای زانیاری گرنگترین و سەرەکیترین مامۆستا و رێنیشاندەرن بۆ هەموو کەسێك و لەو رێگەیەوە هەموو وەڵامێکی دەست دەکەوێت.

تانیا جەمال بەرپرسی پەیمانگەی ناوین بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سەبارت بە هەمان پرس دەڵێت: «پەتای کۆرونا کاریگەری لەسەر تەواوی ژیانی تاك و کۆمەڵگە کردووە، بە هەموو دامودەزگا و سێکتەرەکانەوە، پێش هەموانیش خێزان و بەتایبەتی ئەو خێزانانەی منداڵانیان لە قوتابخانەن و پێویستیان بە هاوکاریی خێزانەکانیان هەیە، لە کاتێکدا لە کۆمەڵگەی ئێمە قوتابخانە وەك مەکینەیەکی چەند کاتژمێری کار دەکات و کۆتایی دێت و، زۆر جار نازانی کەی دەستی پێکرد و کەی تەواو بوو لەگەڵ ئەوەش ئەو پەتایەشی هاتە سەر و ئەرکەکانیان قورستر بوو، بەتایبەتی بۆ ئەو دایك و باوکەی دەوامیان هەیە و منداڵەکانیش لەماڵەوە لەسەر کۆمپیوتەر و ئایبات و مۆبایلن، ئەوە جگە لەو دایك و باوکە نەخوێندەوار و هەژارەی کە نازانێت چی بکات و

**دۆخەکە لەسەر حکومەت و خێزانیش بارگرانی دروست کردووە و ئەگەر قوتابخانەکان بە تەواوی بکرێنەوە کەس نازانێت چ کارەساتێک روودەدات**





**باوان کە هەمان دایکان و باوکانن، ئایا تا چەند لە ئێستادا دەتوانن پاڵپشتکار و هاندەری منداڵەکانیان بن تا چ رادەیەك دەتوانن لە خوێندن ئاسانکارییان بۆ بکەن، بەتایبەت دوای ئەو گۆڕانکاری و رێکارانەی گیرانەبەر لە بواری خوێندندا بە هۆی پەتای کۆرۆناوە؟ قوتابییان ناچارن خۆیان لەگەڵ سیستمی نوێی خوێندن بگونجێنن، بەڵام ئایا ئەمە تا چ ئاستێك ئەرکی دایکان و باوکانی دژوارتر کردووە و، چۆن دەکرێت خۆیان لەگەڵ ئەم بارودۆخە نەخوازراوەدا بگونجێنن؟ بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە.**

## گوڵان: کۆمەڵایەتی

لە کوێوە دەست پێ بکات. بەڕاستی بابەتەکە بە کۆی گشتی قورس کەوتۆتەوە لەسەر حکومەت و لەسەر خێزانیش، لەبەر ئەوەی ئەگەر دەرگای قوتابخانەکان بە تەواوی بکرێنەوە کەس نازانێت چ کارەساتێك ڕوودەدات، ئەوەش کە دەکرێتە ئەلیکترۆنی، یا ئۆن لاین ئەوەش ئەرکەکە بۆ خێزانەکان قورستر دەکات، بەڵام بە راستی رێگە چارەی دیکە نییە و خێزانەکان ناچارن خۆیان بگونجێنن لەگەڵ دۆخەکە، بەهیوای ئەوەین تا کۆڕسی دووەم کۆتایی بێت و قوتابییان بگەڕێنەوە ناو قوتابخانەکان و ژیان ئاسایی ببێتەوە.»

رۆژنامەنووس و توێژەری کۆمەڵایەتی عوبێد خدر گۆمەشینی، ئاماژە بەوە دەکات: «کۆرۆنا لێکەوتەی زۆری بۆ مرۆڤایەتی هەبووە، چ لە رووی تەندروستی و ئابووری و سیاسییەوە، چ لە رووی کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەوە، واتە ئەم پەتایە هەموو جیهانی بە خۆیەوە سەرقاڵ و دەستەوەستان کردووە، بۆیە وەك دەزانین وەزارەتی پەروەردە لە ژێر رێنمایی تەندروستی و بارودۆخە هەنوکەییەکانی هەرێمی کوردستان چەند بڕیارێکی سەبارەت بە پرۆسەی خوێندنی ئەمساڵ دەرکرد، درەنگتر لە ساڵان دەرگای ناوەندەکانی خوێندن کرایەوە، لە ٢٧/٩ بۆ پۆلی ١٢ ئامادەیی و پیشەییەکان، پۆلی ١و ٢ بنەڕەتی ١٠/١٠، ئەویش بە پابەندیی رێنماییە تەندروستییەکان، بۆیە هەم بۆ مامۆستایان و هەمیش بۆ دایك و باوکان، کارێکی نوێ و سەختە خۆڕاهێنان لەگەڵ ئەم بارودۆخە بەتایبەتی قوتابی پۆلی ٣ بنەڕەتی تا ١١ ئامادەیی، چونکە بە ئەلیکترۆنی کردنی خوێندن کارێکی قورسە بۆ ئەم بارودۆخەی ئێستای کوردستان، واتە خوێندنی قوتابی لە ماڵەوە، بە سەیرکردنی تیڤی پەروەردەیی، یان لە رێگەی پەیجی پەروەردەوە کارێکی ئاسان نییە، چونکە قوتابی ئێمە فێری ئەم جۆرە خوێندنە نییە، لە رووی دەروونییەوە قوتابی هەست بە بێزاری و بێتاقەتی دەکات، چەند کێشەیەك دروست دەبێت، وەك پابەندنەبوون بە کاتی وانەکان، ئەو مامۆستای وانەکە دەڵێتەوە، مامۆستای قوتابییەکە نییە و گوێی بۆ ناگرێت، بێتاقەتی لە بەرامبەر تەلەفزیۆن، بە جددی وانەکان وەرناگرێت، چ لە رووی دەنگی مامۆستا و شێوەی گوتنەوەی وانەکە، واتە شێواز و روخساری مامۆستاکە، کەسێکی دیکە و جۆرێکی دیکەیە، هەروەها قوتابی زیاتر لە مامۆستایەك تێدەگات و شت وەردەگرێت، کە راستەوخۆ لە ناو پۆل وانەی پێ بڵێ، بۆیە ئەرکی سەرشانی دایك و باوك لەم قۆناغە قورسە، پێویستە چاودێریی کاتی وانەکان بکەن، بەڵام دایك و باوکیش کار و ئیشیان هەیە و ناتوانن بە بەردەوامی خەریکی منداڵەکەیان بن. خوێندن لە ماڵەوە پرۆسەیەکی قورسە و کاریگەری خراپیشی لەسەر داهاتووی پرۆسەی خوێندن و فێربوون دەبێت، بەڵام پێویستە دایك و باوك چاودێرێکی باش و خەمخۆرێکی ئارام بن و خۆیان و منداڵیان لەگەڵ ئەو دۆخە بگونجێنن.»

**لە زۆربەی زانکۆ بەناوبانگ و پێشکەوتووەکانی جیهان جۆری خوێندنی ئۆنلاین هەیە، کە ئاسانکاری دەکات بۆ ئەوانەی ناتوانن لە هۆڵەکانی خوێندن ئامادە بن**



## سۆزە سامالّ:

# ئەزموونی خۆم و زانیارییەکان هەمیشە لەگەڵ خانمان و منداڵان دابەش دەکەم

سۆزە سامالّ خەفاف هەڵگری بڕوانامەی ماستەری نێودەوڵەتییە لە چارەسەر بە وزە، بڕوانامەی (راهێنەری ژیان)ی ژیانی هەیە و، لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان تیشك دەخاتە سەر هەنگاوەکانی چارەسەرکردن بە وزە و ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوەی ئەو لەو بوارەدا تا ئێستا دەیزانێت، تنۆکێك ئاوە لە زەریایەکدایە، ئەوەش دەخاتەڕوو کە لە ساڵی ٢٠٠٩وە لە کوردستان و وڵاتی هۆڵەنداش بە شێوەیەکی خۆبەخش کار لەو بوارانەدا دەکات و چەندین کۆڕ و سیمیناری لە بواری کارەکەی بۆ هاووڵاتییان و بەتایبەت بۆ خانمان و منداڵان گێڕاوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

*** سازە ساماڵ چ بەسەرهاتێکی هەیە و ئایا دەکرێ باسێکی کورتی کارەکانت بۆ خوێنەرانی گوڵان بکەیت؟**

- لەبنەماڵەیەکی ناسراوی شاری سلێمانی لە پاییزی ساڵی ١٩٧٠ چاوم بە دنیادا هەڵهێناوە، وەکو زۆربەی خێزانە کوردەکانی کوردستان لە رووداو و مەینەتییەکان کە بەسەر کورد هاتووە، خێزانی ئێمەش بێبەش نەبوو، هەر لە ژیانی پێشمەرگایەتی و ماڵ تالانکردن و دوورخستنەوە بۆ باشووری عێراق و تا جەنگ و نەهامەتی کە بووە هۆکاری لەدەستدانی خۆشەویستترین و نزیکترین کەس لە رۆحمەوە کە باوکم بوو، کە لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا جوانەمەرگ بوو. من ئەوکات هێشتا کچێکی تەمەن یازدە ساڵان بووم، لەدوای ئەو کارەساتە لە زنجیرە کارەساتێکی زۆر ناخۆش ژیانمان کرد.ماوەی بیست و پێنج ساڵێکە کوردستانمان بە جێ هێشتووە و لە هۆڵەندا لەگەڵ هاوسەر و کوڕەکانمدا نیشتەجێن.

*** ئەو بوارانە چین کە کارت تێدا کردووە؟**

- ئەمانە چەند نموونەیەکن لەو بوارانەی چارەسەر بە وزە کە شارەزایی تەواوم تیایدا هەیە و بە سەرکەوتوویی کارم پێ کردووە:

Reiki masrer
Reiki playshop for children
Pranic healing ( basic, advanced, psychothreapy )
Foot Reflexology
Quantom Touch
Access the Bars

*** چۆن بیرۆکەی کار کردنت لەو بوارانەدا لا دروست بوو و چ شتێك هانی دایت؟**

- گەورەترین شۆك لە ژیانمدا ئەوە بوو کە هەر زوو بۆم دەرکەوت ئەو هەموو خەون و خەیاڵەی کە لە کۆڵەپشتەکەمدا هەڵمگرتبوو لەگەڵ ئەو ژیانە تازەیەمان یەکی نەدەگرتەوە، هەموو شتێك نامۆ و قورس بوو، خەمی دووری و غەریبی هەستم دەکرد، کێشەی گەورەیە و پاشماوەی مرۆڤم، بە واتای وشە، خۆم بە کەسێکی هیلاك و ماندوو دەزانی، کە بەردەوام لە راکەڕاکەدا، لە نێوان فێربوونی زمان و ئیشکردن و ئەرکی ماڵ و بەخێوکردنی دوو منداڵ بوو. واتە لە ژێر بارێکی زۆر سەختی دەروونیدا دەژیام، لەگەڵ ئەوەشدا سەرئێشەیەکی زۆر قورس ( شەقیقە) زوو زوو فشاری بۆ دەهێنام، بە شێوەیەك ژیانی لێ تاڵ کردبووم. خانمێکی هیندی و هاوکارم پێی وتم: من رێگاچارەیەك دەزانم بۆ چارەسەری سەرئێشەکەت، ئەویش چارەسەرە بە وزە، بە ناوی «رایکی». لە مانگی نیسانی ٢٠٠٤ قۆناغی یەکەمی رایکیم وەرگرت و سوپاس بۆ خوای گەورە بۆ هەتا هەتایی شەقیقە و سەرئێشەم لەکۆڵ بووەوە. لەو کاتەوە عەشقی هەموو زانیاری و شێوازێکی چارەسەری سرووشتی بووم، هاوکات دەستم کرد بە خوێندنی دەروونزانی و پراکتیزەکردنی لە ژیانی رۆژانەدا، چەندان کۆرسیشم دەربارەی شێوازی بیرکردنەوە و کاریگەریی هێزی ناخ لە سەر ژیانمان، بینی و تا ئێستاش بەردەوامم و ئەوەی من دەیزانم تنۆکێك ئاوە لە زەریایەکدا. لە ساڵی ٢٠٠٩ وە لە کوردستان و هۆڵەندا کار لەو بوارانەدا دەکەم، ئەزموونی خۆم و زانیارییەکان هەمیشە لەگەڵ خانمان و منداڵان دابەش دەکەم. لە ساڵی ٢٠١٠ وە هەر کاتێك سەردانی کوردستانم کردبێت، چەندان کۆڕ و وۆرکشۆپ و دەورەی بەرفراوانم ئەنجام داوە، لەگەڵ ئەوەی چەندان کۆڕسم بە ناوی «مەرجە سەرەکییەکانی ئاسوودەیی دەروون» پێشکەش کردووە، کە تا ئێستا کەسانێکی زۆر سوودیان لێ بینیوە.

*** ئامانجت لەم کارانە چی بووە؟**

- بێ دوودڵی، دەتوانم بڵێم: بۆ خزمەتکردن و بە ئاگاهاتنەوەی مرۆڤایەتی بووە، بەتایبەتی بەئاگاهاتنەوەی کورد لە هەرشوێنێك بێت، بۆ ئەوەی بزانین گرتنەوەی جڵەوی ژیانمان بە دەستی خۆمانەوەیە، لە راستیدا ئەوەی کە خۆم سوودم لێ وەرگرتووە، بەو پەڕی خۆشەویستی و دڵسۆزییەوە بۆ هەموو کەسێکی دیکە بە رەوام بینیوە، بەڵگەشم بۆ ئەوە ئەوەیە کە ماوەی ١٠ ساڵە بە خۆبەخشی ئەو هەموو کارەم ئەنجام داوە و، هەمیشە وتوومە کارەکانم و ئەنجامی کارەکانم گرنگن. نزا و فرمێسك و گریانی کەسێك کاتێك پێم دەڵێت: تۆ بوویت، بەهۆی ئەوەی من بە ئاگا بێمەوە و ژیانم گۆڕا، یان ئەو ئازارەی لە جەستەمدا هەبوو، نەماوە، پێموایە هەندێ شت هەن بە هەموو پارەی دنیا ناکڕدرێت.

*** ئەو هێز و متمانە زۆرەت چۆن لای خۆت دروست کرد؟**

- متمانە و هێزم لەوەدایە کە هیچ شتێك ناڵێم و نایکەم، ئەگەر خۆم لە ژیانی خۆم لە لایەنی چارەسەری دەروونی و جەستەییدا تاقیم نەکردبێتەوە، ئەو کاتە بەو پەڕی بڕواوە دەڵێم: «کە من بتوانم، واتا تۆش دەتوانی.» لە بەر ئەوەی هەر کارێك دەکەم لە ناخی دڵ و رۆحمەوە بە ئەنجامی دەگەیەنم، ئەوەش هەمیشە دڵنیام دەکاتەوە کە لەسەر رێگای بەدیهێنانی پەیامی رۆحی خۆمم، هەر ئەوەش بەردەوامیم پێ دەبەخشێت.

*** لەم روانگەیەوە چ خزمەتێکتان بە خانمان و منداڵان گەیاندووە؟**

- لەساڵی ٢٠٠٥ رێکخراوێکی تایبەتم بە ناوی سۆز فۆندس، بۆ منداڵانی کوردستان بەگشتی و بەتایبەتی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت دامەزراند، لەو کاتەوە تا ئێستا بە پرۆژە و کاری جیاواز و هاوکارییان دەکەین، خۆشبەختانە لەسەر ئاستی کوردستان کارەکان دەکەین و کارەکانمان ١٠٠٪ خۆبەخشییە، هەر ئەوە بووە بە هۆی متمانە و بڕوا بۆ کارەکانمان. هەروەها بۆ خانمان چەندان کۆرس و کۆڕ و کۆبوونەوەم ئەنجام داوە، ئێستاش لە رێگای سۆشیال میدیاوە ( لە ئینستگرام و فەیسبووك) پەیامەکانم بڵاو دەکەمەوە بە ناوی soz.world و لە داهاتوویەکی نزیکدا پشتیوان بە خوای گەورە وێب سایتێك بۆ کۆکردنەوەی هەموو بابەت و کۆرس و نووسراوەکانم دەکەمەوە.

**قۆناغی یەکەمی رایکیم وەرگرت و سوپاس بۆ خوای گەورە بۆ هەتا هەتایی شەقیقە و سەرئێشەم لەکۆڵ بووەوە. لەو کاتەوە عەشقی هەموو زانیاری و شێوازێکی چارەسەری سرووشتی بووم**

**چەندان کۆرسم بە ناوی «مەرجە سەرەکییەکانی ئاسوودەیی دەروون» پێشکەش کردووە، کە تا ئێستا کەسانێکی زۆر سوودیان لێ بینیوە**

**ئەوەی کە خۆم سوودم لێ وەرگرتووە، بەو پەڕی خۆشەویستی و دڵسۆزییەوە بۆ هەموو کەسێکی دیکە بە رەوام بینیوە، بەڵگەشم بۆ ئەوە ئەوەیە کە ماوەی ١٠ ساڵە بە خۆبەخشی ئەو هەموو کارەم ئەنجام داوە**

**متمانە و هێزم لەوەدایە کە هیچ شتێك ناڵێم و نایکەم، ئەگەر خۆم لە ژیانی خۆم لە لایەنی چارەسەری دەروونی و جەستەییدا تاقیم نەکردبێتەوە**